Web: www.ace-iraq.org
Email: info@ace-iraq.org

Phone: +964 750 706 0974

ناونیشان : کەرتی حەدیاب/ عەینکاوە /هەولێر/عراق

ACE Achievement Community Employment

# پەیامی ACE

## ڕاهێنان و ئاسانکردنی بەدەستهێنانی کار

سەنتەری عەینکاوە بۆ ڕاهێنان و بەکارخستن لە تەمموزی ساڵی 2008 دامەزراوە ، لە پێناو ڕوو بە ڕووبوونەوەی کێشەکانی بێکاری و پەرەپێدانی تواناکانی تاك لەشاری هەولێر/ عراق ، نوسینگەی سەنتەرەکەمان لە عەینکاوەیە ، هەڵدەستین بە ئەنجامدانی چالاکی جۆراوجۆری مەیدانی لە شاری هەولێر بۆ پەیوەندی کردن لەگەڵ خاوەنکارەکان و ئەو کەسانەی پێویستیان بە کارکردن هەیە .

وە ئەم زانیاریانە کۆ دەکرێنەوە لە داتا بەیسێکی تایبەت بە سەنتەرەکەمان و بەم ڕێگایە پەیوەندی نێوان خاوەنکارو بێکارەکان دروست دەکەین ، لە لایەکی ترەوە ڕاهێنانی خۆرایی دەربارەی تواناکانی نوسینگەیی جۆراوجۆرتان پێشکەش دەکەین هەروەها لە ڕێگەی بەرنامەی( خۆگونجاندن لەگەڵ کار) هاوکاری تەواوی مادی و تەکنیکی پێشکەش بە بەشداربووان دەکەین بۆ بە دەستەوە هێنانی شارەزایی لە ڕێی ڕاهێنانی پراکتیکی .








## گەیاندنی بێکارەکان بە خاوەنکار.

ACEهەستاوە بە دانانی داتا بەیسێکی ئەلکترۆنی بۆ ئەو کەسانەی بە دوای کاردا دەگەڕێن هەروەها خاوەنکارن لەشاری هەولێر ، لەوانەش کۆمپانیاکانی کەرتی تایبەت ، ڕێکخراوە ناحکومیەکان ، یانە و دەزگا حکومیەکان .....هتد .

لە ڕێگەی بەکارهێنانی ڕاپرسیەکی ئاسان ACE هەڵدەستێت بە پاراستنی زانیاریە سەرەکیەکان لە داتابەیسەکەی خۆی لە پێناو گەیاندنی بێکارەکان بە خاوەنکار .

هەموو کەسێك دەتوانێت سوود لە بەرنامەکەمان وەربگرێت بەبێ ڕەچاو کردنی تەمەن یاخود شارەزایی ، هەروەها کۆمپانیا و ڕێکخراوەکانیش دەتوانن سوود لە پرۆگرامەکەمان وەربگرن بەبێ ڕەچاوکردنی تایبەتمەندیەکانیان یاخود هەبوونی پۆستێك بۆ کارکردن .

## ڕاهێنان و بنیادنانی توانایەکان

سەنتەری عەینکاوە بۆ بەرکارخستن و ڕاهێنان هەڵدەستێت بە پێشکەش کردنی ڕاهێنانی بە خۆرایی دەربارەی توانا سەرەکیەکان لە بواری جوراوجۆردا وەکو ( نوسینی سی ڤی ، نوسینی یاداشتەکان ، نوسینی نامە فەرمیەکان ، نامەناردن بە پۆستی ئەلکترۆنی ، دروست کردنی پرۆفایلی کۆمپانیاو دەزگایەکان ، تەکنیەکانی چاوپێکەوتن لەگەڵ چەند ڕاهێنانی تر ) بە بەردەوامی ، خولەکانمان دەرگای والآیە بۆ هەموو کەسێك بەبێ ڕەچاو کردنی تەمەن و تایبەتمەندی یاخود ئاستی شارەزایی و شایەنی باسە خولەکانمان پێویست بە تۆمارکردنی پێشوەخت ناکات ، ڕیزەکانمان بەرێکخراوی کاردەکەن (ئەوەی پێشتر بگات زووتر خزمەتی دەکرێت ) خشتەی بابەت و کاتی خولەکانمان لەسەر ویب سایتمان دەست دەکەوێت

## هەلی خۆگونجاندن لەگەڵ کار -Mentorship

سەنتەرەکەمان هەڵدەستێت بە دابین کردنی هەلی خۆگونجاندن لەگەڵ کار بۆ ئەو کەسانەی کە ئارەزووی بەدەستەوە هێنانی توانا وشارەزایی تەکنیکیان هەیە لە بوارێکی جۆراوجۆرادا و بۆ ماوەی شەش مانگ ،ئارەزوومەندان بە خاوەنکارەکان دەگەینرێن لەژێر سەرپەرشتی و چاودێری سەنتەرەکەمان Mentorship کراوەیە بۆ هەرکەسێك لە هەرتەمەنێك و بەهەر توانایەك ، بۆ وەرگرتنی زانیاری زیاتر دەربارەی بەرنامەی Mentorship سەردانی ماڵپەرەکەمان(ویب سایت) بکەن .

## ماڵپەری ئەلکترۆنی

ماڵپەری ئەلکترۆنیمان ژێدەری سەرەکی زانیاریە بۆ ئەوانەی بەدوای کاردا دەگەڕێن ، دەتوانیت سوود لەو بابەتانە وەربگریت کە لەم ماڵپەرەدا بلآو کراونەتەوە وەکو (نمونەکانی CV ، نمونەکانی نامە فەرمیەکان هەروەها زانیاری دەربارەی ڕاهێنان و کاتەکانیان )

خاوەنکارو دەزگاکان هەروەها ئەوانەی بەدوای کاردا دەگەڕێن کە ئارەزووی تۆمارکردنیان هەیە لە بەرنامەکەمان دەتوانن فۆرمی تایبەت بە بەشداری کردن لە بەرنامەی Mentorship پربکەنەوە وە لە ڕێگەی پۆستی ئەلکترونی بۆمان ڕەوانە

## پێداویستیەکانی ڕاهێنان و کۆنفرانسەکان

سەنتەرەکەمان ئامادەیە بۆ دابین کردنی پێداویستیەکانی بەجێگەیاندنی ڕاهێنان و کۆنفرانسەکان کە دەزگا ڕێکخراوەکانی تر پێی هەڵدەستن لەرێی بە کرێ دانی هۆڵی ڕاهێنان کە شوێنی 32 کەسی تێدا دەبێتەوە لەگەڵ هەموو پێداویستیەکان وەکو ئامێری نیشاندانی زانیاریەکان (داتا شۆ) ، کۆمپیوتەر، تەختە سپی ، مێزو کورسی ، ئامێرەکانی فێنك کردن و گەرمکردنەوە ، هەروەها ئەو شتانەی کە ئارەزووی دابین کردنیتان هەبێت وەکو خواردن و خواردنەوە و پەراوگە و کەرەستەکانی ڕاهێنان ، هەروەها دەتوانین هۆڵەکە بۆ ماوەی نیو ڕۆژ یاخود ڕۆژێك بە کرێ بدەین بۆ زانیاری زیاتر دەتوانن سەردانی ماڵپەرەکەمان (ویب سایت) بکەن یاخود پەیوەندی کردن بە سەنتەرەکەمان لە ڕێگەی تەلەفۆن .

ISG

ACE پرۆژەیەکی جێبەجێکراوە لە لایەن International Solutions Group کە دەزگایەکە هەڵدەستێت بە پێشکەش کردنی خزمەتگوزاری پێشکەوتوو بۆ دابین کردنی هاوکاری تەکنیکی و ستراتیجی بۆ دەزگایەکانی کەرتی گشتی و تایبەت لەو دەوڵەتانەی کە لە قوناغی بەرەوپێشچووندان .

ISG هاوکاری ئەم دەزگایانە دەکات بۆ سەرکەوتن بەسەرکۆسپەکاندا لە ڕێی هاوکاری کردنێکی کارا لە کەرتە جۆراوجۆرەکاندا.

پەیامی ISG دابین کردنی باشترین بەرێوەبردنە بۆ پرۆژەکان و بەرەوپێشبردنی خزمەتگوزاریەکانی هەڵسەنگاندنی کاروباری دارایی و بەرێوەبردنی کارەکانە لە جیهان بە تایبەتیش بۆ ئەو حکومەت و ڕێکخراوانەی کە کاردەکەن لە بواری وەبەرهێناندا لە ژینگەیەکدا کە ڕووبەڕوی کۆسپ دەبنەوە ، نوسینگەکانی ISG لە واشنتۆن دی سی ، عەممان / ئوردن ، هەولێر/ عێراق هەیە .

INTERNATIONAL SOLUTIONS GROUP www.theisg.com info@theisg.com